**زانکۆی سۆران فاکەڵتی پەروەردە**

**سکوڵی وەرزش قۆناغی یەکەم**

# (( کوردۆلۆجی ))

**ئامادەکردنی قوتابی:** **مامۆستای بابەت:**

**صبری جخسین حمدامین** **م.حاجی**

**2019_2020**

# ناوەڕۆك :-

چەمك و پێناسەی دیالێكت ........................................................4-3
جیاوازی نێوان زمان و دیالێكت........................................................ 6-5
هۆكارەكانی پەیدابوونی دیالێكت.........................................................9-8-7
دابەشكردنی دیالێكتەكانی زمانی كوردی.........................................11-10-9
دیالێكتی كرمانجی باكوور..........................................................12
دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاست........................................................13
دیالێكتی كرمانجی باشور...........................................................14
دیالێكتی گۆران.................................................................15-14

## چەمک و پێناسەی دیالێکت:

زاراوەی دیالێکت بۆ یەکەم جار لەلایەن یۆنانییەکانەوە بە شێوەی (dialektos) بەکارهاتوە، بۆ جیاکردنەوەی زمای نوسین لە زمانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بە کارهێنراوە، بە زمانی رسمی و ئەدەبییان وتووە(dialektos)و، زاراوەی (patois) یان بۆ زمانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەلگا بەکارهێناوە.

ئەم زاراوەیە لە سەدەی شازدەهەم لە سەردەمی راپەرین (ڕێنساس)بۆ گوفتوگۆکردن لە بارەی سامانی ئەدەبی ناوچەییەوە بە کارهاتووە، بە هۆیەوە لەم سەردەمەدا وشیاری ناوچەیی گەشەیکرد و هەڵدان بۆ جیاوازی کردن لە نێوان (زمان و دیالێکت) بە بڵاوی ئیشی لەسەر کرا.

لە زمانی کوردیشدا جگەلە زاراوەی دیالێکت، ئەوا زاراوەکانی (زار ،شێوەزار ، شێووە) بەکاردەهێنرێت لە زمانی ئینگلیزیش زاراوەی (Dialect) لە زمانی عەرەبیش زاراوەی (لەهجە)و لە زمانی فارسیش زاراوەی (گۆیش)بەکاردەهێنرێت.

هەموو زمانەکانی جیهان دیالێکت و شێوەزاری جیا جیا دەگرنە خۆ. کاتێکیش زمانی بەکارهێنراوی کۆمەڵێک لە کۆمەڵێکی تر لە نێو چوار چێوەی هەمان زمان جیاوازی ئاشکرای هەبێت ،ئەوە ئەو جیاوازییە پێ دەوترێت دیالێکت.

هەروەها بۆ دیاریکردنی دیلێکتەکانی زمانێک تەنیا پێوەرە زمانەوانییەکان بڕیاردەر نین لەسەر ناسنامەی ئەو دیالێکتە،بەڵکو پەیوندیە ئەتنیکی و کلتووری و کۆمەلایەتی و مێژووییەکان بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدەن.

زمان ناسان لە بارەی پێناسەکردنی دیالێکت، هەریەکەیان بە پێی ڕوانگەو بۆچونی تایبەتیەوە پێناسەیان کردووە، بەو واتاییەی لە کۆمەلێ ڕوانگەی جۆراو جۆرەوە لە دیالێکت کۆڵدراوەتەوەو پێناسەی بۆ کراوە،

لەوانە(کۆمەلایەتی،ئابووری،دەروونی،سیاسی،مێژوویی،زمانەوانی،.....هتد).بۆیە ئێمەش لێرەدا هەولدەدەین هەندێ لە پێناسەکانی دیالێکت بخەینەروو:

کامیل حەسەن بەسیر لە کتێبی(زمانی نەتەوایەتی کوردی)دا، بەم شێوەییە پێناسەی دیالێکتی کردووە.((شێوەی لێدوان و قسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێکە لە نەتەوەیەکدا و بەم شێوە لێدوان و قسەکردنەش هەرچەندە، چەند تایبەتییەکی دەنگسازی و وشەسازی و رستەسازی خۆی هەیە ، بەلام لە هەمان کاتدا بەشێکە لە زمانی نەتەوەیی ئەو خەڵکەو پەیدابوونی دیاردەیەکی سروشتییە.))

کەمال میراودەلی لە کتێبی (فەرهەنگی رێزمانی کوردی)دا ، بەم شێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە.((دیالێکت شێوەیەکی دیاروو جیاکراوەی قسەکردن و ئاخاوتنە. لە چوارچێوەی یەک زماندا، کە قسەکەرانی ناچەیەک جیادەکاتەوە، یاخود کاتێ چینێکی تایبەتی بەشێوەیەکی وا دەدوێن کە زۆر سیماو و خاسێتی جیاکەرەوەی لە چینەکانی دی هەیە.))

## جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت:

کۆزمانەوانەکان تاکو ئێستا نەگەشتوونەتە بڕیارێکی ڕەهاو پێوەرێکی ڕاست و دروست لە بارەی سنوری جیاکردنەوەی نێوان زمان و دیالێکت، بە جۆرێک هەندێ لە کۆزمانەوانەکان سێ بنەمایان بۆ جیاکردنەوەکە دەستنیشان کردووە،ئەوانیش بریتین لە (بنەمای لە یەکتر گەیشتن،بنەمای قەبارە، بنەمای ناودار)، بەلام هەرسێ بنەماکە لە کەموکووری بە دەر نییە.هەندێکی تر لە جیاوازییەکان لە چەند ڕوانگەیەکی ترەوە سەیر دەکەن، لەوانە(بەستاندەربوون،جوگرافی،کۆمەلایەتی،بەکارهێنان،مێژووی،سیمانتیکی و لێک تێگەیشتن)، بەلام ئەمەشیان سنورێکی تەواوی جیاکردنەوەی نێوان زمان و دیالێکت ناکێشێت:

١-زمان لایەنێکی گشتی و سنورێکی جوگرافی فراوان دەگرێتەوە، بەهۆیەو بە هەموو لایەکی ولات دا پەلدەکێشێت،تارادەیەکیش هەموو دیالێکتەکان کۆدەکاتەوە، بەلام دیالێکت ناوچەیەکی سنوری جوگرافی دیاریکراو دەگرێتەوە واتا لایەنێکی تایبەتە.

٢-زمان کۆی هەموو ئەو جیاوازیانە دەگرێتەوە، کەلە نێوان دیالێکتەکانی زمانەکەدا هەن، بەلام دیالێکت لەسەر بنەمای ئەو جیاوازیانە دروست دەبێت، کە لەناو زماندا هەیە، بۆیە جیاوازیەکی زۆریان لەسەر ئەم ڕێککەوتنە هەیە.

٣-زمان پەیوەستە بەبنەمای لە یەکتر نەگەیشتن،بەلام دیالێکت پەیوەستە بەبنەمای لە یەکتر گەیشتن. واتا قسەکەرانی دوو دیالێکت لە یەکتر گەیشتن ئەوا ئەو دوو دیالێکتە زمانێک پێک دەهێنن، بەلام ئەگەر لە یەک نەگەیشتن ئەوا بەرەو زمانێکی سەربەخۆ دەڕۆن.

٤-بەشێوەیەکی گشتی زمان بۆ ئەم جۆرانە دابەش دەکرێت.( زمانی نوسراو،زمانی بینراو،زمانی جەستە،زمانی ڕەنگە،زمای ڕوخسار،زمانی دەق،زمانی شیعری،زمای ئاخاوتن،زمانی یەکەم،زمانی دووەم،زمانی

سەرچاوە،....هتد)،بەلام دیالێکت ئەم جۆرە دابەشکردنانەی نیە، بەڵکو دیالێکت ئەم جۆرانە دەگرێتەوە(دیالێکتی پەتی،دیالێکتی ستاندارد،دیالێکتی جوگرافی، دیالێکتی فەرمی، دیالێکتی رەمەکی، دیالێکتی کۆمەلایەتی،دیالێکتی پیشەیی،...هتد).

٥-زمان بەپیێ ڕەگەزی ئەندامانی کۆمەڵ ناگۆرێت، بەلام دیالێکت بەپێی ڕەگەزو جوگرافیاو دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگا دابەش دەبێ.

٦-زمان لەلایەن تێکرای دانیشتوانەوە بەکاردەهێنرێت، بەلام دیالێکت لەلایەن بەشێکی دیاریکراوی دانیشتووانەوە بەکاردەهێنرێت.

٧-زمان ڕێنوسی ستانداردو ڕیزمانی هەیە و لەفێرگە و دامەزراوەکان و میدیاکان و ...هتد بەکاردێت، بەلام دیالێکت مەرج نییە لە فێرگەو دامەزراوەکاندا بەکاربێت.

٨-زمان بەرهەمێکی دەستکردوو پلان بۆ دارێژراوە، بەلام دیالێکت بەرهەمیکی سروشتی ناوچەیەکی دیاریکراوە.

٩-هەندێکی دی پێکهاتی زمانی وەک جیاوازی رێزمان دەکەن بەپێوەر، واتا ئەگەر پێکهاتە زمانیەکە لە یەک نزیک بوو یان وەک یەک بوو، ئەوا دوو دیالێکتی زمانێکە، ئەگەر لێک دوور وون، ئەوە دوو زمانن.

## هۆکارەکانی پەیدابوونی دیالێکت:

بێگومان کۆمەڵێ هۆکار هەن، کە دەبنە هۆی دروستبوونی دیالێکت و پەرەسەندنی لە نێو زماندا، لێرەدا باسی هەندێ لەو هۆکارانە دەکەین.

**١-هۆکاری کۆمەڵایەتی:**

ئەمە پەیوەندیی بە نەریت و خۆوڕەوشتی ناو کۆمەڵگە و دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، لەبەر ئەوەی دانیشتوانی ناوچەکان لە ڕووی نەریت و خۆورەوشت و دەستوورە کۆمەلایەتییەکان و ئەندازەیی ڕۆشنبیریی و بیرکردنەوە جیاوازن، ئەم جیاوازییە دەبێتە هۆی جیابوونەوەی دیالێکتەکە.

**٢-هۆکاری سیاسی:**

دوو لایەن دەگرێتەوە:

أ-میللەتێك خاوەنی حکومەتێکی ناوەندی نەبێت، بەڵکو لە قۆناغێکی گواستنەوەدا بێت.

ب-حکومەتی ناوەندی بوونی هەیە، بەلام لەبەر فراوانی سنووری دەسەلاتەکەی، ناتوانێت دەسەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەکاندا بسەپێنێت بۆیە دەسەلاتی ناوەندی لاواز دەبێت، واتا فراوانبوونی دەولەت زۆربوونی ناوچەکانی و جیاوازی گەلەکانی ژێر دەسەڵاتەکەی، دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتەکە بەسەر ناوچەکانی تریەوە، دابەشبوون وڵات بەسەر هەرێم و ویلایەت و ئیمارات و وڵاتی بچوکتر دابەش دەبێت، ئەمەش بەو هۆیەوە وا دەکات کە هەر شوێن و ناوچەیەك ببێتە خاوەنی شێوە ئاخاوتنێکی تایبەت.

**٣ -هۆکاری جوگرافیایی و سروشتی هەڵکەوتوویی ناوچەکە:**

ئەمەش لە دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکاندا دەبینرێت، کە لەژێر باری ئاو و هەوا و ڕووبار و دەریا و شاخ و چیا و لایەنی تری سروشتی وڵاتدایە، دواجار ئەم جیاوازی سروشتییە وا دەکات جیاوازی شێوازی زمانیش دروست ببێت.

**٤-ڕادەی ڕۆشنبیریی و دواکەوتوویی کۆمڵگە:**

وا دەبێت شوێنی لە چاو شوێنێکی تری ولاتەکە لە ڕووی لایەنی ڕۆشنبیری و خوێندنەوەی جیاواز بێ، کە ئەم جیاوازیەش دەبێتە هۆی جیاوازی بیرکردنەوەو ئاخاوتنی یەکتری.

**٥-جیاوازی لەڕووی لایەنی دەنگسازییەوە:**

واتا لەڕووی فۆنیمەوە جیاوازیان دەبێ، ئەم جیاوازییەش لە ڕووی ژمارەی فۆنیمەکانەوە نییە، بەڵکو لە ڕووی گۆرینی فۆنیمەکانەوە دەبێت، بۆ نموونە لە کرمانجی ناوەراستی زمانی کوردیدا وشەی (نووسی)بەکاردێ، بەلام لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا(نڤیسی)بەکاردێ.

**٦-هۆکاری ئابووریی:**

بەهۆی جیاوازی چاڵاکی و ئیش و کار و پیشەی جیا جیای خەڵک لە ناو کۆمەڵدا، وەکو ئەوەی هەر جۆرە چین و توێژ و تاقم و کۆمەڵە خەڵکێکی هاوکار و هاوپیشە، دیالێکتێکی تایبەتیان بۆ دروست دەبێت، کە هەر پیشەیەک وشەو زاراوە و دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەیەو دیالێکتی بچوک پەیدا دەکەن.

**٧-هۆکاری میللی:**

لە ناو دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت، وەك جیاوازی لە نێوان خەڵکەکە لە ڕووی تیرە و تایەفە و هۆزەوە، کە هەر یەکە سەر بەجۆرە تیرەیەکە و ، جیاوازی نێوان خەڵکی ناوچەکە دەبێتە هۆی پەیدابونی دیالێکت لە ناو زماندا.

### ٨-هۆکاری کەسی و جیاوازی قسەکردن:

تایبەتی کاسایەتی مرۆڤ وا دەکات، کە هەڵسووکەوتی مرۆڤێک جیاواز دەبێت لە هەڵسووکەوتی مرۆڤێکی تر، ئەم تایبەتییە لە قسەکردنیشدا دەردەکەوێت ئەمە لە ژیانی رۆژانە بۆمان دەرکەوتووە، کە دەنگ و شێواز و قسەکردنی کەسێک لە دەنگ و دەربڕین و شێوازی ئاخاوتنی کەسێکی تر جیاوازە ئەم جیاوازیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆرێت.

## دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی:

دبەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لای شارەزا و پسپۆرانی کورد و غەیرە کورد لە کۆنەوە تاکو بە ئەمرۆ دەگات، بە چەندین شێواز و جۆری جیا جیاوە دابەش کراوە  بۆیە لێرە دا هەندێ لەو دابەشکردنانە دەخەینەڕوو:

شەرەفخانی بەدلیسی لە کتێبی (شەرەفنامە)دا، بەم شێوەی خوارەوە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

**١-کرمانج**

**٢-لۆڕ**

**٣-کەلهوڕ**

**٤-گۆران**

محەمەد مەردۆخی لە کتێبی (مێژووی کورد و کوردستان)دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە دابەش کردووە:

**١-کرمانج**

**٢-گۆران**

**٣-لۆڕ**

**٤-کەلهوڕ**

محەمەد ئەمین زەکی لە کتێبی (خلاصە تاریخ الکرد و کردستان من اقدم العصور التاریخیە حتی الان)دا، دیالیکتەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە دابەشکردوە:

**١-کرمانجی ڕۆژهەڵات**

**٢-کرمانجی ڕۆژئاوا**

**٣-کرمانجی باشووری ڕۆژئاوا**

شێخ محەمەدی خــاڵ لە فەرهەنگی (خــاڵ)دا، بەم شێوەی خورەوە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

١-زازا

**٢-کرمانجی دەستە چەپ(شمالیی) (بۆتانی، بادینی، هەکاری، بایەزدی شەمزینانی).**

**٣-کرمانجی دەستە** راست **(سۆرانی، بابانی، موکریانی، ئاردەڵانی، کەلهوڕی، گۆران).**

**لۆڕی(بەختیاری، لەکیی، فەیلی).**

تۆفیق وەهبی ، بەم شیوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەش کردووە:

**١-کرمانجی**

**أ-کرمانجی ژووروو (بۆتانی، ئاشیتایی، هەکاری، بادینانی، بایەزیدی).**

**ب-کرمانجی خواروو (موکری، مەهابادی، سۆرانی، سولەیمانی، سنەیی).**

**2-لووڕی ( بەختیاری، لەکیی، فەیلی، کەلهوری، مامەسەنی).**

**٣-گۆران (باجەڵانی، کاکەیی، زەنگەنە، هەورامی).**

**٤-زازا**

زوبێر بیلال لە کتێبی (مێژووی زمانی کوردی)دا بەم شێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

١-کۆمەڵی ژووروو(کرمانجی)

٢-کۆمەڵی خواروو(سۆرانی)

جەمال نەبەز لە کتێبی (زمانی یەگرتووی کوردی)دا، بەم شێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

**١-دوو شێوە بنچینەییەکە:**

**أ-کرمانجی ژووروو(بۆتانی ، جزیرەیی، هەکاری، بادینانی، ئاشیتەیی، بایەزیدی).**

**ب-کرمانجی ناوەراست(سلێمانی، سنەیی، ئەردەڵانی، گەرمیانی، هەولێر، کەرکووکی، سۆرانی ، موکری، شارباژێری، پشدەری).**

**٢-دوو شێوە لاتەنیشتەکە:**

**أ-کرمانجی خواروو(فەیلی، کرماشانی، لەکیی، کەلهوری، خانەقینی، لوڕی).**

**ب-کۆمەڵە شێوەی گۆرانی-زازایی(گۆران، زازایی، هەورامانی.]**

## یەکەم: دیالێکتی کرمانجی باکوور:

ئەم دیالێکتە لە هەموو دیالێکتە کوردیەکانی تر فراوانترو زۆرترە، چونکە کوردەکانی باکور(کوردەکانی تورکیا) کە خۆی لە پارێزگاو ناوچەکانی (بایەزید، وان، جۆلەمێرگ، سیعرت، مووش، ماردین، دیاربەکر، خەرپوت، ئەدیابان و غازیان تەپە و بەشەکانی خۆرهەڵاتی پارێزگای مەرعەش و سیواس و بەشەکانی باشووری پارێزگای ئەرەزروم و قارس، هەموویان بەم دیالێکتە دەدوێن و قسەئەکەن، هەروەها کوردەکانی باشووری خۆرئاوای ئەرمەنستانی شوورەوی و باکوری سوریا و دانیشتوانی پارێزگای دهۆک و زێبارو ئامێدی و سنجار و ئاکرێ ی، هەروەها شاری خۆی و قوتور یش دەگرێتەوە هەروەها چەند لقە دیالێکتێکی لێ دەبێتەوە بەم شێوەی خوارەوە.

ا- بایەزیدی : لە باکورو باکوری خۆرهەڵاتی زەریاچەی وان.

ب- هەکاری : لە باشوورو باشووری خۆرئاوای زەریاچەی وان.

پ- بۆتانی: لە دەوروبەری دۆڵی بۆتان و شاری سیعرەت و ئەرتوش و جەزیرە و دیاربەکر.

ت- شەمدینانی : گۆشەی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا و خۆرهەڵاتی زێی ژوورو و ناوچەکانی نزیک بەم زێ یەش لە ئێرانیشدا داپۆشیوە.

ج- بادینانی : لە پارێزگای دهۆک و قەزاکانی ئامێدی و ئاکرێ وشێخان و شەنگاردا.

چ- دیالێکتی خۆرئاوا : خەرپوت و ئورفە و عفرین و مەرعەشی گرتۆتەوە.

## دووەم: دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست:

ئەم دیالێکتە هەموو باشووری ئەو هێڵە خەیاڵیەی پێشوو دەگرێتەوە، کە ئەمیان لە دیالێکتی کرمانجی باکور جیادەکاتەوە بەرەو باشووریش تا چەمی سیروان و شاری خانەقین کشاوە لە خۆرئاواشەوە تا زورگەکانی حەمرین بەرەو خۆرهەڵات دەگرێتەوە ئەم دیالێکتە پێنج دیالێکتی ناوچەیی تری لێ بوەتەوە کە ئەمانەن;

ا-موکری : مەڵبەندەکانی شنۆ، نەغەدە، مەراغە، میاندواو، شاهێن دژ، سەقز، بۆکان، بانە، سەردەشت.

ب-سۆرانی: قەزای زێباری لێ دەرچێ هەموو پارێزگای هەولێری گرتۆتەوە، ناوجەرگەکەشی شاری هەولێرە.

پ-ئەردەڵانی : مەڵبەندەکانی سنە، بیجاڕ، کەنگەوەر، رەوانسەر و باکوری ناوچەکانی جوانڕۆ.

ت-سلێمانی(یا بابانی) : شاری سلێمانی ناوجەرگەکەیەتی هەموو پارێزگاکەو هەندێ ناوچەی خانەقینیش گرتۆتەوە.

ج-گەرمیانی : زۆر جیاوازی لەگەڵ سلێمانی نیە هەموو ناوچەکانی کەلار و کفری و قەرەتەپەو دوز و کەرکوک قسەی پێ ئەکەن.

## سێیەم: دیالێکتی کرمانجی باشوور:

ئەمەش هەر لە ناوچەکانی قەسری شیرین و کرماشان و مەلایەرەوە بیگرە بەرەو باشوور کشاوە تا دەگاتە کەناراوەکانی باکوری خۆرهەڵاتی کەنداوی عەرەب و ئەم دیالکێتە هەموو تیرەکانی کوردی لوڕ پێی ئەدوێن بە هەموو ئەو ناوچەیەش ئەڵێن لوڕستان، یان ئەم دیالێکتە ناسراوە بە دیالێکتی لوڕدەکرێن بە دوو بەشەوە لوڕی گەورەو لۆڕی بچوک.

لوڕی گەورە لە تیرەکانی بەختیاری و مامەسانی و کوهگلو پێکدێن.

لوڕی بچوک یش لە تیرەکانی دڵفان، سەلسەلە، باڵاگرێوەو، ئامالەن کە لە (پێش کۆە) دەژین و فەیلیەکانیش لە (پشتی کۆ) دەژین پێکدێن.

## چوارەم: دیالێکتی گۆران:

هەر لە باکوری رێگای نێوان قەسری شیرین – کرماشانەوە دەست پێ دەکات بەرەو باکور کشاوە تا دەگاتە شاخەکانی هەورامان لە خۆرئاواشەوە هەر لە سەرچاوەکانی سیروانەوە بەرەو خۆرهەڵات داپۆشیوە تا دەگاتە کرماشان، ئەم دیالێکتە چوار لقی لێدەبێتەوە

ا- گۆرانی رەسەن: گۆرانی رەسەن لە ناوچەی کرند و زەهاو جوانڕۆیی پێی دەدوێن، هەروەها هەندێ کاکەیی ناوچەی داقوق و تیرەی زەنگنەی کفری و قادرکەرەم و سیامەنصوو سەر بە ناوچەی لەیلان.

ب-هەورامی:دانیشتوانی شاخەکانی هەورامان و پاوە پڵنگان و دەوروبەری هەموویان بەم دیالێکتە دەدوێن هەورامان یش دوو بەشن یەکەمیان: بەشی تەخت

که دەکەوێتە رۆژهەڵاتەوە واتە دیوی ئێران، بەشی دووەمیان : هەورامانی لهۆنیان لە خۆرئاوای زنجیرە شاخەکانی هەورامان لە بەشی کوردستانی باشوور.

پ- باجەڵانی : ناوچەکانی باکوری خۆرئاوای موسڵ کە لە سەر دینی (شەبەک)ن، هەروەها هەندێکیان لە خەڵکی ناوچەی کەلار و زەهاو و خانەقین و ناحیەی مەیدان و قۆرەتوو و هۆرێن و شێخان بەم شێوە زمانە دەدوێن.

ت- زازا : لە ناوچەکانی نێوان ئەرەزڕووم و مووش و خەربوت ئەرزنجانەوە لە ناوچەی نێوان فورادسۆ و موورادسۆ بەتایبەتی ناوچەی دەرسیم دەگرێتەوە.

# سەرچاوە :-

زار و زمان ، د. نەریمان عەبدوڵاخۆشناو ، چاپی دووەم ، 2014

ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین ، بەرگی یەکەم ، 2009